www.kurdistannet.org
7-5-2007 11:06 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

مێژووی سەنگباران زەنگێکی سامناکە گەردەست پێبکاتەوە... خاڵەحەمە

ئەگەر بە ووردی بە خاکی کوردستاندا بگەڕێین سەدان گۆڕە (جوولەکە) دەبینین کە بەکۆمەڵ کوژراون و گۆڕەکانیشیان تائێستاش لە لایەن گێلەپیاوانەوە سەنگباران دەکرێن و ناشزانن بۆ سەنگبارانیان دەکەن، نازانن ئەمانە کێن کەلەم خاکی کوردەدا ئەم ناوە زەقەیان لێنراوەو بە ناوی جوولەکەوە ئەنفالیان کردوون، خۆئەگەر ووردتر کوردستان بگەڕێین کوێرە دێیەکانیشمان گۆڕی (ئەسحابە) ی لێیەو خەڵکی دەچن بۆزیارەتی و لێی دەپاڕێنەوە کەلای خواوەند تکایان بۆ بکات باران و بژێوی ژیانیان لێنەبڕێت و بەرووبومی ڕەنجیان زۆرتربێت، لێی دەپاڕینەوە کە منداڵیان بێت و وەچەیان زۆربێت، لێی دەپاڕێنەوە کە تکایان لای خوا بۆ بکات لە گوورناهیان خۆش بێت و بە ئاگری داخی دۆزەخ نەیانسوتێنێ، بەهەزاران داخوازیتریش کەدڵداران بەدڵی پاک و بێگەردیانەوە لەسەر گۆڕەکانیان ئەێ درکێنن.. بەبێ ئەوەی زانیاریەکیان هەبێت لە سەریان کێن و چۆن هاتۆنەتە ئەوناوەو چی هێناونی!! ئەم کەمتەرخەمییەی کورد دەیکات کە لەمێژووی خۆی ناپرسێتەوەو هەرچاوەڕوانە کەخواوەند دەرگای بەزەیی لێبخاتەسەرپشت و لە نەهامەتییەکانی ژیان بپارێزێ و ژیانێکی ئارامی پێببەخشێت وەهای لێکردوە کەببێتە زەیەوان و پاسەوانی ئەوگۆڕانە، یەکێکیان بۆ پاڕانەوەو تکاکردن، ئەوەیتریشیان بۆ نەفرەت، ئەمکلاوەش زۆر بەووردی چنراوەو زۆر جوانیش کردویانەتە سەری کورد، کوردیش بەشانازییەوە لەسەری خۆی داینواوەو داینا گرێت و لەپێناویشیا سەروماڵ ئەبەخشێت، ئەلێرەدا دەبێت ووچانێک بدەین و بزانین بۆ ئەمگۆڕە جوولەکانە لەکوردستان زورن خۆ خوانەخواستە کوردستان نیشتمانی جوو نەبووەو ناشبێت، هەروەها دەشبێت بپرسین ئەم هەموو گۆڕە ئەسحابانە لەکوردستان چی دەکەن خۆ خوانەخواستەکوردستان نیشتمانی عەرەب نەبووەوناشبێت. بەڵام ئەوەی منالانی کورد دەبێت بیزانن ئەوەیە کەهەمووکاتێک نیشتمانی باوباپیرانی ئەو لەژێرناوی جۆراوجۆردا ئەنفال کراوەو دەرگای دۆزەخی لێخراوەتەسەرپشت و نەیانهێشتووە ڕوانینیان بۆ دنیای دەرەوە لەبەرمالەکەی خۆیان تێپەڕبکات، خۆ ئەگەر چاوکراوەیەک هەوڵی دابێت ئەوکلاوە گرێچنە لەسەری دابگرێت سەنگباران کراوەو ناوی (جوو) شیان بەسەردادابڕیوە، واتە کوردبوونیان لێسەندۆتەوە، ئەم نەگبەتیەش کەکوردی تووشبووەو لەکۆڵی نابێتەوە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆنەبوونی کەسێکی نەتەوەیی کەبانگەشەی یەکبوونی نەتەوەکەی خۆی بدات و هەوڵبدات دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دروستبکات، من داوا لەکورد دەکەم سەدسالیتریش بەگەندەڵی ئەودەوڵەتە جوانەی کورد ڕازیبن!! بەڵام نەیەڵن دەورو ڕۆژگاری سەنگباران بگەڕێتەوە نیشتمانەکەم و سەرلەنوێ بیکەنەوە بەگۆڕە جوولەکەکەی جاران!!

خاڵەحەمە/دانمارک/قالبی/2007/5/2

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.